# لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەرەی تێکدانی کورد لە کەنەدا پێکدێنن

ئارام عەزیز

گەر لە هەر گۆشەیەکی ئەم گوێی زەمینەدا لە کوردێکی بێ لایەن، یان سەر بە هەر لایەنێکی سیاسی بپرسیت کە باشترینی رێگا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد لەو پێنج وڵاتەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە چییە؟ ئەگەر سەربەخۆیی بۆ کوردستان وڵامی یەکەمی نەبێت، ئەوا بەبێ هیچ گومانێك وڵامەکەی یەکگرتنی کورد دەبێت. بەڵام رەنگە بەلای زۆربەی ئەو کوردە سەر بەلایەنە سیاسی یانەوە وابێت کە کلیلی سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتنی گەلی کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەتەواوی جیهاندا لەدەستی لایەنە سیاسەکانی کوردستاندا، بەتایبەتی ئەو لایەنەی کە خۆیان دەروێشی دەکەن و، دەبێت هەموو کوردێکیش شوێن کەوتوی رێنمایەکانی ئەو پارتەی ئەوان بێت وپشتگیری لە بریارەکانی بکات. بەڵام ئەو کەسانە جا چی سەر بە لایەنە راستە ناراستەکان، یان چەپە بێ هەڵوێستەکانی ئەمرۆی کوردستان بن، یاخود زۆر بێ ئاگان، یا ئەوەتا خۆیان لەئاستی ئەو راستیە گێل دەکەن کەوا هەر یەك لەو لایەنانە مێژوویەکی نەشاردراوەیان هەیەلە نیانەوەی ناکۆکی و شێواندێکی ئەوتۆ لە ریزەکانی گەلی کورددا نەك تەنها لە کوردستان، بەڵکو لەوڵاتانی دەرەوەش کە زۆر لەوەی دووژمنە سەر سەختەکانی نەتەوەی کورد کەمتر نییە!!!

ئەو ململانێ ناپاکەی کەلایەنە سیاسیەکانی کوردستان لە نێو کورددا بەرپایان کردووە، لەچوار چێوەی رق و کینەی تایفە و ناوچە وپارچەگەری کورد بەدەرهاتووە و کارتێکەریشی گەیشتووەتە ئەو کورددانە کە لە دەرەوەی کوردستان دەژین.

هەلبەتە ئەو ناکۆکییە لە نێوان کورددەکانی دەرەوەدا سازکراوە لەسەر بنەمایەکی سیاسی و بەرژەوەندیەکی کاتی پارتە سیاسیەکان پێکهاتووە، بۆیە گەلێك جار لایەنگرانی ئەو پارتانە ناچاری پێکهێنانی بەرەی وا دەبن کە لە جیاتی ئەوەی لەم چەند ساڵەدا لەدەرەوە ژیاون ئەگەر شتێك لە دیموکراسی فێربوبێتن بیکەن بە نمونە لە کوردستان، کەچی ئەو ناکۆییەیانەی کەوا لە کوردستان بەرەو نەمان دەچن ئەوان لەوڵاتانی دەرەوە زیندووی دەکەنەوە و بۆ شێواندی ریزەکانی گەلی کورد بەکاری دێنن. باشترین بەڵگەیش بۆ سەلماندنی ئەو راستیە لە مەڕ پێکهێنانی بەرەی کاتی لەو شێوەیە لەم چەند ساڵەی رابردوە لەدەرەوەی وڵات ئەو دوو بەرە کاتییە نیوان لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستانی لەلایەك و، هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق و ئێران لەلایەکی دیکەوە یە. لە کاتێکدا کە ( پ د ك و ی ن ك) لە کوردستانی باشوور سەر گەرمی شەری کورد کوژی بوون، هەڵوێستی دۆست و لایەنگرانی ( پ کە کە) لە دەرەوەی کوردستان پێکهێنانی بەرەیەکی کاتی لەگەڵ یەکێتی دا بوو بۆ دژایەتی کردنی دۆستانی پارتی لەگشت بوارێکدا.
کەسانی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانیش، کە جارێك لەلایەن ( پ د ك) ی هاوبۆچونیانەوە و، جارێك لەلایەن (ی ن ك) یە هاوپەمانە پشت پێ نەبەستراوەکەیانەوە، لەسەر خاکی کورد داخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بەسەردا جێ بەجێ دەکرا، هەر وەکو ئەو بازنگەی کە ٥٦ساڵە حیزبی دیموکراتی بۆ بەئێرانی کردنی کوردی لە دەوری ئەو پارچەیە تەنیوە، هەر جاری خویان لە ریزی بەرەیەکدا دەرخستوە. سەردەمێك لایەنگرانی حیزبی دیموکرات لەدەرەوەی کوردستان، بەتایبەتی لەوڵاتی کەنەدا، جار وبار شین وشاییان لە گەڵ ئێرانییەکاندا و، جار جاریش لە گەڵ (پ د ك) دا دەگێرا. دیارە تاوەکو ئەو شەرەی یەکێتی لە سەر داخۆازی تورکیا بۆ دەرپەراندنی ئەوانەی کە وایاندەزانی رزگاربوونی دیاربەکر لە گەرمیان و سلێمانیەوە دەست پێدەکات، زورجار ئەو بەرەی" دیمۆپدك" کە لە کەنەدا ( ی ن ك) یش تیادابوو.
پێم وانیە کە هیچ کوردێك گللەیی لەبێ هەڵوێستی لایەنە چەپەکانی کوردستان هەبێت لە مەڕ ئەو ناجۆرییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی لەنێوانی کورددا لە دەردوەی کوردستان، بەتایبەتی لە پارێزگا بریتیش کۆلۆمبیای کەنەدا دروست بووە، چونکە"مارکسی یەکانی ئاخر زەمان" نەك تەنها خۆیان بەکورد نازانن، بەڵکو ئەوەی بۆ دووژمنان لەدژی گەلی کورد نەلوێت ئەوان جێ بەجی دە کەن. بەڵام سەیر لەوەدایە کە ئەمرۆ لەژێر هەر پاڵ پەستۆیەی سیاسی و ئابووری ناوچەیی و دەرەکی دا بێت ( ی ن ك و پ د ك) ناچاری رێککەوتن نامەیەکی دیکە رێك نەکەوتوو کردوە، ئەو " ئاگر بەستە بەر نەبەستراوەش" بووەتەهۆی پیکهێنانی بەرەیەکی ئەوتۆ لە پارێزگای بریتیش کۆلۆمبیای کەنەدا کە لایەنەگرانی هەردوو لا تیایدا شێن و شایی پێکەوەبگێرن و، سەر بە دیموکراتەکان و "کۆمەڵە تازە" پەیدابوویەکی ئێرانیش سەر شیوەند و گاوەنیەکەی تیادا دەگرن. ئەم بەرەییە کە نێویان لێناوە "چوار حزبەکە و، " ئەو کۆمیتەیەش بۆخۆیان پیی دەڵێن " کۆمیتەی کورد، " نەك تەنها لەلایەن کوردێکی دانیشتووی ئەم پارێزگای وڵاتی کەنەداوە هەڵنەبژێردراوەن، بەڵکۆ کۆمەلێك کورد لەوەش بەگومانن کە ئەوانە نوێنەرایەتی کورد بکەن!!!

www.kurdistannet.org
5-1-2003 2:26

ئاشكراشه كهوا كهسانی سهر به (پ كه كه) لهو بهره چوار لایهنیهدا نین و، واش نهبێت دهرسیان له نوشستی بێ هۆشیتاك رهوی و خۆبه ئهڵتهرنهیتڤی زانی گشت لایهنه سیاسیهكانی كورستان وهرگرت بێت، بۆیه دهبێت دۆستانی ( په كه كه) یش بهرهی خۆیان ههبێت بۆ گێرانی ئاههنگ و بۆنهكان. بێ گومان، پێكهێنانی بهرهی لهو شێوانه له ولاتێكی وهكو كهنهدا كه سهرژمێری كوردی زۆركهمه، جگه زیاتر پهرهوازه كردنی كورد وخزمهت گهیاند به دووژمنان، له هیچ كهتێكدا لهبه رژهوهندی كوردا نیه و نهش بووه و ناش بێت.

رونكردنهوهی چهند دێر و وشهیهك و مهبهست:

١. دهرپهراندنی ئهوانهی كه وایان دهزانی رزگاركردنی دیاربهكر لهگهرمیان وسلێمانییهوه دهست پێدهكات، پێشمهرگهكانی (په كه كه) یه له كوردستانی باشوور.

٢. بهرهی دیمۆ پك، ئهو پێكهوه بوونهی لایهنگێرانی (پ د ك و حیزبی دیموكرات) بوو بۆ ماوهیهك له كهنهدا.
٣. ماركسی یهكانی ئاخرزهمان، حزبی كۆمهنیستی كرێكاری ئێراق.
٤. كۆمهڵه تازه پهیدا بوویهكی ئێرانیش، كۆمهڵهی زهحمهتكێشانی كوردستانی ئێران.

كوردستان نێت www.kurdistannet.org